گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130    P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: 10.26750/qy3ak294
ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: 02/02/2024
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 10/04/2024
ڕێـكـەوتی بڵاوكردنەوە: 29/08/2025

# توانستی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی (باخچە و پارك و یاریگاكانی تۆپی پێ) لەشاری هەڵەبجەی تازەدا. (توێژینەوەیەك لە جوگرافیای خزمەتگوزاریی)

هەورامان كمال میرزا[1] - هەردی عبدالرحمن حمەعلی[2]
Hardi.hamaali@uoh.edu.iq- hawraman.kamal1981@gmail.com
[1]بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق.
[2]بەشی جوگرافیا، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**پوختە**

ئەم توێژینەوە وەك توێژینەوەیەكی خزمەتگوزاریی ناو شار، دو جۆری گرنگی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەكانن، كە بریتین لە (باخچەو پاركەكان و یاریگاكانی تۆپی پێ) باسدەكات، كە وەك پێویستییەكی دانیشتوانی شار هەژماردەكرێت و خزمەت بە چەندین دەستە و تەمەنی جیاواز لە دانیشتوان دەكەن، ئەم شارە بەگوێرەی نەخشەی بنەڕەتی لە (12) گەڕەك پێكهاتوە، لەڕوی ڕوبەرەوە (567.1) هێكتارە. بەڵام لە ڕوی سنورر شارەوانییەوە پانتاییەكی فراوانتری هەیە و نزیك بە 1400هێكتارە.

لە ناوچەی توێژینەوە (47) باخچەو پارك كە كۆی گشتی ڕوبەریان 250983م2 و یاریگاكانیش 10 یاریگایە و بە ڕوبەری 70007م2، دابەشبونی جوگرافی و شوێنی خزمەتگوزارییەكان بەشێوەیەكە كە زۆرترین باخچەو پارك لە گەڕەكەكانی ڕۆژئاوا و لانەسیتی دایە. هەردوكیان پێكەوە 24 باخچە لەخۆدەگرن كە دەكاتە ڕێژەی 50% كۆی باخچە و پاركەكان و لە ڕوی ڕوبەریشەوە گەڕەكی ئازادی 26.3% كۆی گشتی پێكدەهێنێت لە پلەی یەكەم دێت، هەرچی یاریگاكانیشە لە گەڕەكی ڕزگاریدا زیاتر دەبینرێت، كە 4 یاریگایە و لە ڕوی ژمارەوە ڕێژەی 40% یاریگاكان پێكدەهێنێت. و لە ڕوی ڕوبەرەوە 39.1%، و لە ئەنجامی بەكارهێنانی ئەو هەڵسەنگاندنەی كە بۆ خزمەتگوزارییەكان كرا. دەركەوت كە بەركەوتی تاكەكەس بۆ خزمەتگوزارییەكە لە پێوەرەكان نزمترە، سەبارەت بە یاریگاكان لە ڕوی ژمارەوە گرفتێكی ئەوتۆی نییە، چونكە بەراورد بە ژمارەی دانیشتوان (10-11) یاریگا پێویستە بۆ شارەكە، بەڵام لە ڕوبەریاندا بە ڕونی كەمییان بەرانبەر بە پێوەر دەبینرێت، لەڕوی شێوازی دابەشبونەوە بەگشتی خزمەتگوزارییەكان هەڕەمەكی و پەرشوبڵاوی دور لە یەكن.

لە كۆتایشدا توێژینەوەكە چەند ڕاسپاردەیەك كە دیارترینیان زیادكردنی ژمارەی باخچەیە بە ڕوبەری پێویست و هەروەها زیادكردنی ڕوبەری یاریگا بە دروستكردنی یاریگای نوێ بێت یان زیادكردنی ڕوبەریان لە ئەگەری هەبونی زەوی شیاو بەكارنەهاتو لە دەوروبەریاندا.

**كلیله وشەكان:** توانستی خزمەتگوزاریی، هەڵەبجەی تازە، دابەشبون، باخچە و یاریگای تۆپی پێ، ئایندەی خزمەتگوزاریی.

# Efficiency of Recreational Services (Gardens, Parks and Football Fields) In The New City of Halabja.
# (A Study In Service Geography)

Hawraman kamal mirza[1] Hardi Abdulrahman Hamaali[2]

[1] Directorate General of Education Sulaymaniy, Sulaymaniy, Kurdistan Region of Iraq, Iraq.

[2] Department of Geography, College of Human Sciences, University of Halabja, Halabja-Kurdistan Region of Iraq, Iraq.

## Abstract

This study, as an urban of recreational service study, describes two important types of services, namely (gardens, parks and football fields), which are considered among the needs of urban residents and service different categories and ages of the population who perform them. According to the basic map, the city consists of 12 neighborhoods and has an area of 567.1 hectares. As for the municipal borders, its widest area is about 1400 hectares.

In the study area (47) parks and gardens with a total area of 250983 m2 and 10 playgrounds with an area of 70007 m2. The geographical distribution of services is that most of the parks are located in the western and lana city neighborhoods of the city, both of which contain 24 parks, which constitutes 50% of the total area. Azadi neighborhood constitutes 26.3% of the total.

Most of the playgrounds are located in Razgari neighborhood, which includes four playgrounds and constitutes 40% of the playgrounds. 39.1% in terms of area.

As a result of using service evaluation. The individual's exposure to the service was found to be less than the standards. Regarding the number of playgrounds, there is no problem because compared to the population (10-11), there is a need for a playground for the city, but the space is clearly insufficient. In terms of distribution, services are generally random and dispersed.

Finally, the study presented several recommendations, most notably increasing the number of parks to the required area and also increasing the area of playgrounds by building new playgrounds or increasing their area in the event of unused land around them.

**Key words**: Services efficiency, New Halabja, Distribution, Park and Playground, Future of the service.

## پێشەكی

زۆربونی ژمارەی دانیشتوان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بوەتە بابەتێكی گرنگ بۆ توێژەرانی زۆرێك لە زانستەكان و بەتایبەت زانستی جوگرافیا، ئەم پرسە كۆمەڵێك لێكەوتە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، كە هەندێكیان بەلایەنی ئەرێنی و بەشێكی تریشیان بە نەرێنی دەبینرێت، بێگومان دانیشتوان ژمارەیان زۆربێت یان كەم پێویستیان بە سەرجەم خزمەتگوزارییەكانە بەهەمو جۆرەكانیەوە، لە نێویشیاندا خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی كە باخچەو پارك و یاریگای تۆپی پێ) دو جۆری سەرەكین و بۆ كات بەسەربردن و بەدەستهێنانی كەشێكی ئارام بەخش بۆ دانیشتوان پێویستیانە، لەبەرئەوە لە هەر شارو ناوچەیەك گرنگە ئەم جۆرانە بەردەستبن، چونكە بایەخ و گرنگی زۆریان بۆ ژینگە هەیە و لایەنی دەرونی و جەستەیی تاكەكانی كۆمەڵگە باشتردەكات.

### گرنگی توێژینەوە:

توێژینەوەكە باس لە دو جۆری گرنگی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی دەكات كە (باخچەو پاركەكان و یاریگای تۆپی پێ)یە، كە لە زۆر لایەنەوە كاریگەری لەسەر دانیشتوان هەیە، ئەمە سەرەرای جوانكردنی سیماو ژینگەی شار و دورستكردنی تاكی تەندروست و وەرزشەوان، هەروەها خستنەڕوی دۆخ و واقیعی ئەم خزمەتگوزارییانەیە لەشاری هەڵەبجەی تازەدا.

### ئامانجی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە كە توانستی دابەشبونی جوگرافی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەكانی وەک (باخچە و پاركەكان و یاریگای تۆپی پێ) نیشانبدات، هەڵسەنگاندنیان بۆبكرێت بە ئامانجی گەیشتن بە سروشت و شێوازی دابەشبون و ئەو زیادی و كەمییانەی كە هەیانە و دەردەكەوێت پاش بەراوردكردنیان لەگەڵ پێوەرەكانی پلاندانانی عێراقی.

### كێشەی توێژینەوە:

كێشەی سەرەكی توێژینەوەكەیە، كە بۆ چەند پرسیارێک پۆلێندەكرێت:

1- ئایا دابەشبونی باخچەو پارك و یاریگاكان بەسەر گەڕەكەكانی ناوچەی توێژینەوەدا هاوسەنگ یان لاسەنگە؟

2- ئایا نارێكی دابەشبونی خزمەتگوزارییەكان هۆكاربوە بۆ دەركەوتنی شێوازێكی دیاریكراو لە دابەشبوندا؟

3- ئایا دابەشبونی خزمەتگوزارییەكان تاچەند لەگەڵ پێوەری پلاندانانی عێراقدا یەكدەگرێتەوە؟

### گریمانەی توێژینەوە:

گریمانەكانی توێژینەوەكە، وەك وەڵامێكی سەرەتایی بەم شێوەیە دەخرێتەڕو:

1- دابەشبونی باخچەو پارك و یاریگاكان بەسەر گەڕەكەكانی دابەشبونێكی ناهاوسەنگە.

2- نەبونی پلانی گونجاو بۆ دابەشبونی شوێنی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەكان، بەیەكسانی لە شارەكەدا بوەتە هۆی دروستبونی شێوازی دابەشبونی هەرەمەكی و پەرشوبڵاوی دورلەیەك، ئەمەش واتای ئەوەیە دورن لە دابەشبونێكی بەپلان و گونجاو.

3- خزمەتگوزارییەکانی باخچەو پارك لەڕوی بەرکەوتی تاکەکەسەوە بۆ ڕوبەر گونجاو نییە و کورتهێنانی هەیە، یاریگاکانیش ڕوبەریان کەمە و هاوتای پێوەر ناوەستنەوە.

**پلانی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە بەسەر چوار باسدا دابەشبوە، لە باسی یەکەمدا باس لە شوێن و پێگەی ناوچەی توێژینەوە، و لە باسی دوەمدا دابەشبونی جوگرافی باخچەو یاریگاکان خراوەتەڕو، لە باسی سێیەمدا شێوازی دابەشبونیان نیشاندراوە، باسی چوارەم تەرخانکراوە بۆ بابەتی هەڵسەنگاندن و ئایندەی خزمەتگوزارییەکە تاکو 2030 لە ناوچەی توێژینەوەدا.

لە کۆتایشدا ئەنجام و ڕاسپاردەو لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕو.

**باسي يەكەم: شوێن و پێگەی شاری هەڵەبجەی تازە:**

**شوێنی شاری هەڵەبجەی تازە:**


گومانی تێدانییە کە شوێنی شار پانتاییەکی فراوانتر و گەورەتری لەپێگەی شار هەیە، واتە شوێن پێگەی شارەکە و ناوچەکانی دەوروبەری دەگرێتەوە، کە پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی بەردەوام لەنێوانیاندا هەیە، ئەو پەیوەندیەش هەمەجۆر و هەمەلایەنە، کە کاریگەری بنەما سروشتی و مرۆییەکانی ئەو شوێنە ڕۆڵی بەرچاوی لە بەردەوامی ئەو پەیوەندییە ئاڵوگۆڕکارییە لە نێوان شارو دەوروبەریدا هەیە، کاریگەریی ئەو پەیوەندیە هاوبەشەی لەنێوان شارو ناوچەکانی دەوروبەری تاچ ناوچەیەک کاریگەریی هەبێت تا ئەو ناوچەیە ناودەبرێت بەشوێنی شار، کەواتە شوێنی شار بریتییە لەپەیوەندی نێوان شارو دەوروبەری یان هەرێمی شارەکە بۆخۆی، واتە شوێنی شار ڕوبەرێکی فراوانتری هەیە. دەبێت ئەوەش بزانرێت کە شوێن ڕەگەزێکی جێگیر و نەگۆڕی هەیە (حسين، 2008، 29)، شوێنی ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق و ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە. لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانیش، شارەکە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگاکەدا هەڵکەوتوە. لەسەر ئاستی قەزاش، شاری هەڵەبجەی تازە سەنتەری قەزای شارەزورە و کەوتۆتە باکوری قەزاکەوە، قەزای شارەزور یەکێکە لەقەزاکانی پارێزگای سلێمانی. هەڵکەوتەی جوگرافی قەزاکە بەجۆرێکە لە باکوری ڕۆژهەڵاتەوە قەزای سەیدسادقە، لە باکوری ڕۆژئاواوە قەزای ناوەندی سلێمانییە، لە باشوری ڕۆژهەڵاتەوە پارێزگای هەڵەبجەیە، قەزای دەربەندیخانیش کەوتۆتە باشورییەوە، لە ڕۆژئاواوە قەزای قەرەداغە، وەك لەنەخشەی (1) دیارە.

لەڕوی پێگەی ئەسترۆنۆمییەوە، شارەکە دەکەوێتە سەر بازنەی پانی =17، -18،35° - =41، - 20، °35 باکور و هێڵی درێژی=49، -43، °45 - 26، -40 ، °45 پلەی ڕۆژهەڵات. نەخشەی (1).

هەروەها ناوچەی توێژینەوە یەکێکە لەشارەکانی ناو دەشتی ناوچە شاخاوییەکان لەسەر دەشتی شارەزور هەڵکەوتوە. شارەکە تاڕادەیەکی باش و گونجاو شوێنێکی گرنگی هەیە کە بوەتە ناوەندو پێگەیەک کە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە دەبەستێتەوە بەئیدارەی گەرمیانەوە، هاوکات بە یەکێک لەو شارانە هەژمار دەکرێت، کە چەندین ناوەندی ئاوەدانی لەسەر ئاستی قەزاو دەرەوەی قەزا بەیەکەوە دەبەستێت، بەجۆرێک بەدوری (38) کم لەشاری

نەخشەی (1)

پێگەی شاری هەڵەبجەی تازە بەپێی عێراق و هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی و قەزای شارەزور بۆ ساڵی 2024.




سەرچاوە، کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: 1- حداد، عبدالرحمان، 2009. 19-33،
2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، ساڵی 2024.

سلێمانی کە ناوەندی پارێزگای سلێمانییە دورە، و بە بەدرێژایی (38.2)کم لەناوەندی پارێزگای هەڵەبجەوە دورە، لەناوەندی قەزای سەیدسادقەوە بەدرێژایی (15.2)کم و لە ناوەندی قەزای دەربەندیخانیش بە درێژایی (27)کم و لەناوەندی قەزای قەرەداغیشەوە بەدرێژایی (47)کم لەشاری هەڵەبجەی تازەوە دورن(*). ڕوبەری شارەکە لەساڵی (2024) بەپێی نەخشەی بنەڕەتی شارەکە کەژمارەی گەرەکەکانی (12) گەڕەکە، و کۆی ڕوبەریان (567.1) هێکتارە، بەڵام شارەکە بەپێی سنوری شارەوانی پانتاییەکی فراوانتری هەیە، ڕوبەرەکەی دەگاتە (1400.5) هێکتارە لەهەمان ساڵدا. لەڕوی ژمارەی دانیشتوانی بۆ ساڵی 2024 گەیشتۆتە (51892) کەس(بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی،2024).

سەبارەت بە پێگەی شار **(Site)**: ئەو پارچە زەوییەدا کە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی و نشینگەیی لەسەر بنیاتدەنرێت، لەو تایبەتمەندیانەش بەرزی و نزمییە، کە لە دێرزەمانەوە تاکو ئەمڕۆش بەهەند وەرگیراوە لە دروستکردنی نشینگەی مرۆیی و شارەکاندا. هەوڵی مرۆڤ بۆ ئەوە بوە لەشوێنێکدا نیشتەجێ بێت کە ڕوی زەوییەکەی تەخت بێت و بەرزونزمی کەمتر بێت (الاسدی، 1990، 26). بۆئەوەی بەئاسانی کارو چالاکی ڕۆژانەی خۆی تێدا ئەنجام بدات، پێگە بەپێچەوانەی شوێن لەڕوی پانتایی ڕوبەرەوە بەجۆرێکە کە ڕوبەرێکی بچوکتری هەیە بە بەراورد بەشوێن. لەڕوی ڕوبەرەوە بەردەوام سنور و پانتای پێگە لە گۆڕاندایە، پەپێی هەلومەرج و ئەو قۆناغە مۆرفۆلۆجیانەی

كە پیایدا تێپەڕیوەو تێدەپەڕێت. کەواتە دەتوانین بڵێین پێگە خاڵێکە لەناو شوێنێکدا، و لەناو شوێنێدا چەندین پێگە بونی هەیە.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا شاری هەڵەبجەی تازە شوێنێکی گرنگی هەیە کە خاڵی پێکەوەبەستنی چەندین شارو ناوەندی ئاوەدانییە لەسەر ئاستی قەزاو دەرەوەی قەزاکە وەک خاڵی بەیەکگەیشتنی هەردو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەیە بە ئیدارەی گەرمیان و ناوەڕاست و باشوری عێراقەوە، هەروەها بوەتە ناوەندێک بۆ بەستنەوەی ناوچەی شاخاوی بەناوچەی نیمچە شاخاوی و ناوچەی گەرمەسێرەوە، ئاشکرایە ئەمەش گرنگییەکی زۆری بەخشیوەتە شارەکەو بەئاراستەی گەشەکردن و زیادبون و فراوانبوندا هەنگاوی ناوە. ئەم زیادبونە لە ڕوبەری شارەکە کاریگەری بەرچاوی هەبوە لەسەر ژمارەو ڕوبەری خزمەتگوزارییەکان بەگشتی و خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی وەک: (پارک و باخچە و یاریگاکانی تۆپی پێ) بەتایبەتی، ئەمەش وای کردوە لە ڕوی ڕوبەرو ژمارەوە پارک و باخچە و یاریگاکان بەئاراستەی گەشەکردن و فراوانبون هەنگاوبنێن لەسەر ئاستی شارەکە. کەواتە دەتوانین بڵێین شارەکە لەسەر دەشتی بەپیتی شارەزور بنیاتنراوە کە دەوڵەمەندە بە دەرامەتی ئاو و زەوی بەپیت و لەبار و گونجاوە بۆ بەروبومە کشتوکاڵییە جۆربەجۆرەکان. ئەمەش گرنگی و بایەخی زۆری بەخشیوەتە شاری هەڵەبجەی تازە، بەجۆرێک گەشەکردنی خێرای بەدوای خۆیدا هێناوە، لە ڕوی ڕوبەرو ئاوەدانیی، هەروەها تارادەیەک بەرجەستەبونی خزمەتگوزارییەکان.

## باسی دوەم: دابەشبونی جوگرافی باخچە و پارك و یاریگای تۆپی پێ لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی هەڵەبجەی تازە بۆ ساڵی 2024:

بابەتی دابەشبونی جوگرافی وەك ڕەگەزێکی گرنگ لە توێژینەوە جوگرافییەکاندا هەژماردەکرێت، ئاشکرایە کە دیاردە جوگرافییەکان جیاوازن لەیەکتر و ئەم جیاوازییەش سەرەتایەك دەبێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە، و لەبەر ئەو گرنگییەشی کە دابەشبون لە زانستی جوگرافیادا هەیەتی، لەبەرئەوە زۆربەی جوگرافیناسان و توێژەرانی زانستەکە جەخت لە دابەشبون بە هەمو جۆرەکانیەوە دەکەن (حسین و حمە علی، 2024، 405) بابەتی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی (الترفیە) (Recreation) مەبەست لەم خزمەتگوزارییە کۆمەڵێک چالاکی و کردارە تاکەکانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی ئازاد و ئارەزومەندی ئەنجامی دەدەن لەپێناو بەدەستهێنانی چێژو خۆشییەك، بەڵام ئەو کار و چالاکیەی کە ئەنجامی دەدەن پێویستە لەگەڵ دابونەریت و کۆمەڵگەدا بگونجێت (رشید، 2011، 26)، یان بریتییە لە هەمو ئەو کردارو چالاکیانەی کە ئەنجامدەدرێت لە کاتی هەبونی کات و ڕۆژی پشو و مۆڵەتدا لای تاک و بەهۆیەوە کەشێکی نوێ دروستدەکات و خۆشی و ئاسودەیی دەستەبەر دەکات (الهیتی، 2013، 107)، کەواتە خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی کۆمەڵێك چالاکین لەلایەن دانیشتوانەوە ئەنجامدەدرێت لە جێگا و شوێنێك بە ئامانجی بەسەربردنی کات و هەستکردن بە پشوی جەستەی و دەرونی، ئەم خزمەتگوزارییەش چەندین جۆری هەیە و بابەتی توێژینەوەی ئێمە (باخچەو پارك و یاریگاکانی تۆپی پێ)یە.

### 1/ دابەشبونی جوگرافی و ژمارەی و ڕێژەی بۆ خزمەتگوزارییەکان:

#### 1-1) پارك و باخچەکان:

پارك و باخچەکان گرنگییەکی زۆریان لە شارەکاندا هەیە، بە هۆکارێکی گرنگی بەسەربردنی کات بۆ دانیشتوانی شارەکان ناودەبرێن، لەبەرئەو گرنگییەشە پلاندانەرانی ئاوەدانی هەوڵێکی زۆر دەدەن بۆ دروستکردنی پارك و باخچەی

گشتی و پاشان دابەشكردنی بەسەرهەمو بەشەكانی شارەكە بەپێی پێداویستی دانیشتوان، سادەترین پێناسە بۆ ئەم خزمەتگوزارییەش ڕوبەرێكی گەورەی زەوییە كە دەتوانرێت ژمارەیەكی زۆر درەختی تێدا بچێنرێت كە جوانی بە گەڕەكەكانی شار دەبەخشێت و چەندین ڕێڕەو لەنێوان بەشەكانیدا هەیە بۆ هاتوچۆكردن و بەسەربردنی كاتی بێئیشی دانیشتوان (الموسوي، 2010، 140).

ئەم خزمەتگوازارییە لەشاری هەڵەبجەی تازەدا كە لە 12 گەڕەك پێكهاتوە 47 باخچەو پارك، كە بەشێوەی جیاواز بەسەر گەڕەكەكانی شاردا دابەشبون، بەشێوەیەك كە تەنها لە 2 گەڕەكدا كە (ڕۆژئاوای شار، لانەسیتی)ن، هەریەكەیان 12 باخچە و ڕێژەی 25.5% باخچەكان دەگرنەخۆ، ئەمانەش لە پلەی یەكەم دێن، پلەی دوەم لە ڕوی ژمارەی باخچەوە بۆ گەڕەكی (هەواری شارە) كە خاوەنی 4 باخچەیە و ڕێژەی 8.6% باخچەكان پێكدەهێنێت، نزمترینش لە گەڕەكەكانی (شارستانی و مامۆستایان و ئازادی و شارەوانی)دان، بۆ هەریەكەیان 2 باخچەو ڕێژەی 4.3% پێكدەهێنن، خشتەی(1)، كەواتە دەركەوت سەرجەم گەڕەكەكانی ناوچەی توێژینەوە پارك یان باخچەیان هەیە، جگە لە ڕۆژهەڵاتی شار كە گەڕەكێكی نوێیە و وەك پێویست خزمەتگوزاریی پێنەگەیشتوە، نەخشەی(2).

خشتەی (1)


دابەشبونی ژمارەیی و ڕێژەیی پارک و باخچەکان لەشاری هەڵەبجەی تازەدا، بەپێی گەڕەک بۆ ساڵی 2024.

| ژمارە | ناوی گەڕەك | ژمارەی پارك وباخچەكان | ڕێژە % | ژمارە | ناوی گەڕەک | ژمارەی پارک و باخچەکان | ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سورێن | 3 | 6.3 | 7 | ڕزگاری | 3 | 6.3 |
| 2 | شارستانی | 2 | 4.3 | 8 | ئازادی | 2 | 4.3 |
| 3 | مامۆستایان | 2 | 4.3 | 9 | شارەوانی | 2 | 4.3 |
| 4 | هەواران | 3 | 6.3 | 10 | هەواری شار | 4 | 8.6 |
| 5 | ڕۆژئاوای شار | 12 | 25.5 | 11 | لانە سیتی | 12 | 25.5 |
| 6 | بەختیاری | 2 | 4.3 | 12 | ڕۆژهەڵاتی شار | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | | | | 12 | | 47 | 100 |

سەرچاوە: كاری توێژەران بەپشت بەستن بە: حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەراتی گشتی شارەوانییەكانی پارێزگای سلێمانی، سەرۆكایەتی شارەوانی هەڵەبجەی تازە، بەشی هونەری و نەخشەدانان،2024. داتای بڵاونەكراوە.

نەخشەی(2)

دابەشبونی جوگرافی باخچەو پارك لە شاری هەڵەبجەی تازە بۆساڵی 2024.




سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە: خشتەی (1)

**2-1)/ یاریگای تۆپی پێ:** یاریگای تۆپی پێ بەهۆی پێداویستی شارەکان و هەبونی پێکهاتەی تەمەنی گەنجان بەگشی لەشارەکانی جیهانی ئەمرۆداو بەتایبەتیش وڵاتانی تازەگەشەسەندو بەشێوەیەکی خێرا ڕویان لە زیادبون کردوە، لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا وەك پێویست خزمەتی چینی گەنجان و تازە پێگەیشتوان دەکەن، یاریگاکانیش زۆرجار بە بچوککراوەیی لەسەر ئاستی گەڕەکدا بنیاتدەنرێن و بە یاریگای بچوکراوە یان فوتساڵ ناودەبرێن، لە ناوچەی توێژینەوەدا ژمارەی یاریگای تۆپی پێ دەگاتە 10 یاریگا لەکۆی 11 گەڕەك لە پێنج گەڕەکدا کە ئەمانەن (ڕزگای و مامۆستایان و شارەوانی و هەواران و بەختیاری) هەن، بە تەنها گەڕەکی ڕزگاری خاوەن 4 یاریگایەو 40% یاریگاکان پێکدەهێنێت، دواتر هەردو گەڕەکی شارەوانی و مامۆستایان دێت 2 یاریگا، ڕێژەی 20% بۆ هەر گەڕەکێکیانە کۆتا یاریگاش لە گەڕەکی بەخیتیاریدایەو 10% یاریگاکانی شارەکەی پێکهێناوە، بڕوانە خشتەی (2) و نەخشەی(3).

خشتەی (2)


دابەشبونی ژمارەیی و ڕێژەی یاریگای تۆپی پێ لەشاری هەڵەبجەی تازەدا، بەپێی گەڕەک بۆ ساڵی 2024.

| ژمارە | ناوی گەڕەك | ژمارەی یاریگاكان | ڕێژە % | ژمارە. | ناوی گەڕەک | ژمارەی یاریگاكان | ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1- | سورێن | 0 | 0 | 7- | ڕزگاری | 4 | 40 |
| 2- | شارستانی | 0 | 0 | 8- | ئازادی | 0 | 0 |
| 3- | مامۆستایان | 2 | 20 | 9- | شارەوانی | 2 | 20 |
| 4- | هەواران | 1 | 10 | 10- | هەواری شار | 0 | 0 |
| 5- | ڕۆژئاوای شار | 0 | 0 | 11- | ڕۆژهەڵاتی شار | 0 | 0 |
| 6- | بەختیاری | 1 | 10 | 12 | لانە سیتی | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | | | | | 12 | 10 | 100 |

سەرچاوە:کاری توێژەران بەپشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەریوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەكانی پاریزگای سلێمانی، شارەوانی سەرۆكایەتی شارەوانی هەڵەبجەی تازە، بەشی هونەری و نەخشەدانان، 2024. داتای بڵاونەكراوە.

نەخشەی (3)

دابەشبونی جوگرافی یاریگای تۆپی پێ لە شاری هەڵەبجەی تازە بۆساڵی 2024.




سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە: خشتەی (2).

## 2: دابەشبونی ڕوبەرو ڕێژەی خزمەتگوزاریی باخچەو پارکو یارگای تۆپی پێ:

**1-2) باخچەو پارك**: وەك چۆن جیاوازی لە دابەشبونی ژمارەی و ڕێژەیی باخچەو پارکەکان هەبو، بە هەمان شێوە لە ڕوی ڕوبەریشەوە جیاوازی ڕون بەدیدەکرێت، لە خشتەی (3) ڕون بوتەوە کە، کۆی گشتی ڕوبەری پارك و باخچەکان دەگاتە 250983م2 کە بەسەر 12 گەڕەکدا دابەشبوە، گەڕەکی ئازادی ئەو گەڕەکەیە کە زۆرترین ڕوبەری بەردەکەوێت کە 66034م2 و بەتەنها زیاتر لە یەك لەسەر پێنجی ڕێژەی باخچەکان پێکدەهێنێت واتە (26.3%)، لە پلەی دوەمدا گەڕەکی لانە سیتی شارە، بە ڕوبەری 29230 و ڕێژەکەی دەگاتە (11.7%)، نزمترین ڕوبەرو ڕێژەش لە گەڕەکەکانی هەواری شاربەرێژەی 4.9% و بەختیاری بەرێژەی 4.8% باخچەکان پێکدەهێنن. لێرەدا تێبینی ئەوە کرا تەنها گەڕەکی ڕۆژهەلاتی شار بێبەشە لە هەبونی باخچەو پارك، هاوکات ژمارە و ڕوبەری ناچونییەك دەبینرێت تیایدا بۆ باخچەو پارکەکان لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی شار، هۆکاری ئەمەش دەکرێت لایەنی مێژوی شارەکەو کۆن و نوێی گەڕەکە ئاوەدانەکان بە دانیشتوان و خزمەتگوزاریی وەك هۆکاری جیاوازی هەبونی ژمارەو ڕێژە و ڕوبەری باخچەو پارك ئاماژە پێبکەین.

خشتەی (3)

دابەشبونی ژمارەیی و ڕێژەیی ڕوبەری پارک و باخچەکان لە شاری هەڵەبجەی تازە لەسەر ئاستی گەڕەک بۆ ساڵی 2024.

| ژمارە | ناوی گەڕەك | ژمارەی پارک و باخچەکان | ڕوبەری پارک و باخچەکان بەم$^2$ | ڕێژە % | ژمارە. | ناوی گەڕەک | ژمارەی پارک و باخچەکان | ڕوبەری پارک و باخچەکان بە/ م$^2$ | ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| -1 | سورێن | 3 | 17474 | 7 | -7 | ڕزگاری | 3 | 19292 | 7.7 |
| -2 | شارستانی | 2 | 15493 | 6.2 | -8 | ئازادی | 2 | 66034 | 26.3 |
| -3 | مامۆستایان | 2 | 15424 | 6.1 | -9 | شارەوانی | 2 | 15358 | 6.1 |
| -4 | هەواران | 3 | 20420 | 8.1 | -10 | هەواری شار | 4 | 12418 | 4.9 |
| -5 | ڕۆژئاوای شار | 12 | 27742 | 11.1 | -11 | لانە سیتی | 12 | 29230 | 11.7 |
| -6 | بەختیاری | 2 | 12098 | 4.8 | 12 | ڕۆژهەلاتی شار | 0 | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | | | | | | | 47 | 250983 | 100 |
| کۆی گشتی ڕوبەری شار /هێکتار | | | | | | | 567.1 | 25.1 | 4.4 |

سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی، بەرێوەبەراتی گشتی شارەوانییەکانی پارێزگای سلێمانی، سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجەی تازە، بەشی هونەری و نەخشەدانان،2024. داتای بڵاونەکراوە.

چونکە زۆرکات لەشارەکاندا گەڕەکە کۆنەکان و ناوکی شارەکە بە ئاراستەکانی دەوروبەر کە دانیشتوان لەخۆدەگرێت بە چەند قۆناغێکی جیاواز دەبنە هۆکاری ئەوەی گرنگی زیاتر بەو جێگایانە بدرێت بۆ دابینکردنی گشت خزمەتگوزارییەکان و بەتایبەت باخچەو پارکەکان، لەلایەکیترەوە هەلومەرجی ئابوری و هاوکات لەگەڵ پلانی سەوزکردنی شارەکان

بەتایبەت لەم چەند ساڵانەی کۆتایدا بونەتە هۆکار بۆ زیاتر سەوزکردنی ژینگەو جوانترکردنی سیمای شارەکان. هەر لەبەرئەوەش دەبینین ژمارەیەکی زۆر لە باخچەو پارك لەشارەکەدا هەن، و بەشێکیان لەو جێگایانەن کە مێژویان کۆن نییە، چونکە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا و بەراورد بە ساڵانی پێشتر تاڕادەیەك زیاتر گرنگی بە پەیرەوکردنی پلانی گونجاو بۆ زیاترکردنی ڕوبەری باخچەوپارك و سەوزایی دەدرێت و دەبنە کاری لە پێشینەی دامودەزگا پەیوەندیدارەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا.

**2-2) یاریگای تۆپی پێ:** سەبارەت بە ڕوبەر و ڕێژەی یاریگان هەروەك چۆن لە خشتەی 4)دا ڕونکراوەتەوە، کۆی گشتی ڕوبەری یاریگاکان 70007م2، لەسەر ئاستی 12 گەڕەك لە گەڕەکەکانی (ڕزگاری و شارەوانی و مامۆستایان و هەواران و بەختیاری) هەن، گەڕەکی ڕزگاری بە ڕوبەری 27396م2 و ڕێژەی 39.1% یاریگاکان پێك دەهێنێت، دواتر گەڕەکی شارەوانی بە ڕوبەری 9760م2 و ڕێژەی 13.9% لە پلەی دوەم دێت، وکەمترین ڕوبەریش لە گەڕەکی بەختیارییە، تەنها 1 یاریگای هەیە و 3614م2یە. بە هەمان شێوە گەڕەکی لانە سیتی هیچ یاریگایەکی لەخۆنەگرتوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە گەڕەکێکی نوێیە بەراورد بە گەڕەکە کۆنەکانی شارەکە هێشتاکە بەتەواوی نەبوەتە جێگەی نیشتەجێبونی دانیشتوان بەڵام مەرج نیە ئەم دۆخە بەو شێوەیە بمێنێتەوە بەڵکو لە داهاتودا ئەگەری گۆڕانکاری

خشتەی (4)

دابەشبونی ژمارەیی و ڕێژەیی ڕوبەری یاریگاکان لەشاری هەڵەبجەی تازە لەسەر ئاستی گەڕەک بۆ ساڵی 2024.

| ژ | ناوی گەڕەك | ژ.یاریگا | ڕوبەری یاریگاکان بەم$^2$ | ڕێژە % | ژ | ناوی گەڕەک | ژ. یاریگا | ڕوبەری یاریگاکان بەم$^2$ | ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| -1 | سورێن | 0 | 0 | 0 | -7 | ڕزگاری | 4 | 27396 | 39.1 |
| -2 | شارستانی | 0 | 0 | 0 | -8 | ئازادی | 0 | 0 | 0 |
| -3 | مامۆستایان | 2 | 9760 | 13.9 | -9 | شارەوانی | 2 | 25134 | 35.9 |
| -4 | هەواران | 1 | 4103 | 5.9 | -10 | هەواری شار | 0 | 0 | 0 |
| -5 | ڕۆژئاوای شار | 0 | 0 | 0 | -11 | ڕۆژهەڵاتی شار | 0 | 0 | 0 |
| -6 | بەختیاری | 1 | 3614 | 5.2 | -12 | لانە سیتی | 0 | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | | | | | | | 10 | 70007 | 100 |
| کۆی گشتی ڕوبەری شار /هێکتار | | | | | | | 567.1 | 7 | 1.2 |

سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی، بەڕێوەبەراتی گشتی شارەوانییەکانی پارێزگای سلێمانی، سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجەی تازە، بەشی هونەری و نەخشەدانان،2024. داتای بڵاونەکراوە.

بەسەردا هاتن ئەگەرێکی بەهێزە، بەهۆی ئەوەی کە پرۆژەی نیشتەجێبونی تێدا کراوەو وردە وردە لە قۆناغی تەواوبون نزیك دەبێتەوە و بەم هۆیەشەوە زۆربەی خزمەتگوزارییەکان دابیندەکرێن لە ناویاندا یاریگاکان و یاریگای تۆپی پێ بەپێی پێویستی دانیشتوان بنیاتدەنرێت.

## باسی سێیەم: تەرزی دابەشبونی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی (باخچەو پارك و یاریگای تۆپی پێ) لەشاری هەڵەبجەی تازەدا.

**1/ بە بەکارهێنانی بەهای نزیکترین دراوسێ لە شاری هەڵەبجە تازە.**

شـیکردنەوەی نـزیکترین دراوسێ بەیەکێـک لە شـێوازە ئامارییەکـان بـۆ دیـاریکردنی شـێوازی دابەشـبون بەکاردێـت، لەبەرئەوەی پەیوەندی نێوان دیاردەکان لەگەڵ یەکتردا، و مەودای بڵاوبونەوە یان گردبونەوەی دیاردە جوگرافییەکان دەپێوێت، ئەوەی ئەم پێـوەرە جیادەکاتەوە لە پێوەرەکانی تـر ئەوەیە کە دورە لە هەر ڕێـژەیەکی هەڵەوە بە پێچەوانەی پێوەرەکانی ترەوە، لەبەر ئەم هۆکارەشە کە ئەم پێوەرە باوترین پێوەرە لە زانستی جوگرافیادا بەکاردێت،

R=2D(N/A)

R=بەهای نزیکترین دراوسێ

D=تێکڕای دوری ڕاستەقینەی نێوان خاڵەکان لە دابەشبونەکەدا

N=ژمارەی دیاردەکان (ژمارەی شوێنی خزمەتگوزاریی)

A=ڕوبەری ناوچەی توێژینەوە

هەروەها دو گریمانەش لەسەر بەهاکانی ئەم هاوکیشەیە هەیە کە بریتین لە مانەی خوارەوە:

1- گریمانەی پرەنسیپی(دابەشبونی خاڵەکانی دیاردەکە شێوازەکەی هەڕەمەکییە) واتە بەڕێکەوت دابەشبون کارێکی ئاسان نییە کە شیکردنەوەی بۆ بکرێت.

2- گریمانەی شوێنگرەوە(شێوازی دابەشبونی خاڵەکان شێوازێکی دیاریکراوەو پەیوەستە بە کاریگەرییەکانی کۆمەڵێك هۆکاری دیاریکراوەوە) (99%).

سەبارەت بە بەهای هاوکێشەکە لەم خشتەی خوارەوەدا ڕونکردنەوە دراوە:

خشتەی(5)

بەهای نزیکترین دراوسێ

| بەهای هاوکۆلکەی ئاماری | تەرزو شێوازی دابەشبون |
|---|---|
| 0.09 – 0.00 | کۆبوەوە |
| 0.49 – 0.1 | کۆبوەوەی هێشوی |
| 0.99 – 0.50 | کۆبوەوەی هەڕەمەکی |
| 1.19 – 1 | هەڕەمەکی |
| **2.149 – 1.2** | پەرش و بڵاو (دور لەیەك) |


سەرچاوە: (السماك و العزاوي، 2011، 149).

ئەم پێوەرە شێوازی دابەشبونی دیاردەکە ئایا (هەڕەمەکی، کۆبۆوەیە، پەرش و بڵاوە) دەستنیشان دەکات، ئەم ئامرازە پێچەوانەی ئامرازەکانی ترەوە ئاماژە دەرێکی دیاریکراوی هەیە، بۆ دیاریکردنی تەرزی دابەشبون و پێوستی بەوەسفکردن نیـیە و لە شـیکردنەوەی خاڵەکانـدا پشـت دەبەسـتێت بەپێـوەرێکی چەنـدێتی بەردەوام کە دەسـتپێکی لـە (0,00)ەوە تـا (2,149) کۆتایدێت (العبدلي، 2016، 163). لەسەر ئەم بنەمایەش سێ جۆری سەرەکی و چەن تەرزێکی لاوەکی بۆ دابەشبونی دیاردەکان بەرجەستە دەکات، لەڕێگای ئەم هاوکێشـەیی خـوارەوە بەهای نزیکترین دراوسێ ڕونکراوەتەوە (کریم، 2016، 56).

بەمەبەستی زانینی تەرزی دابەشبونی (باخچەو پارك و یاریگای تۆپی پێ) لە ناوچەی لە شێوەی (1)دا، تێبینی دەکرێت کە بەهای (z _score) گەیشتۆتە (3.279265) ئەم بەهایەش کەوتۆتە دەرەوەی چوار چێوەی بەهای ڕەخنەییەوە (critical value) + 2.58 تا - 2.58 (لەبەر ئەمەش گریمانەی پەرنسیپی ڕەتدەکەینەوە کە دەڵێت تەرزی دابەشبونی خزمەتگوزاریی خوشگوزەرانی لە ناوچەی توێژینەوە تەرزێکی ڕێکخراوەو دیاریکراوەو پەیوەستە بە کۆمەڵێک هۆکاری دیاریکراو.

شێوەی (1)

بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی (باخچەو پارك و یارگای تۆپی پێ) لە هەڵەبجەی تازەدا بۆ ساڵی 2024.




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن: بە زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە بەرنامەی ( 10.8Arc map GIS) پاش جێبەجێکردنی هاوکۆلکەی نزیکترین دراوسێی: Arc toolbox, analyzing Pattern, averge nearst neighbor

بە پێچەوانەوە ئەگەر بەهای پلەی پێوەری (z_score) کەوتە نێوان (2.58_2.58-) ئە کاتە تەرزی دابەشبونەکە دابەشبونێکی هەڕەمەکییە و هیچ جۆرە شیکردنەوەیەک هەڵناگرێت، ئاستی باوەڕپێکردن (significance level) بۆڕەتکردنەوەی گریمانەی پرەنسیپی و پەسەند کردنی گریمانەی شوێن گرەوە، کەواتە (99%) توانای ئەگەری ئەوەی هەیە کە دابەشبونەکە دەرئەنجامی هۆکارە دیاریکراوەکان بێت نەک ڕێکەوت. هەرچی بەهای نزیکترینە بۆ خزمەتگوزارییەکانە گەیشتۆتە (1.227043) ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دابەشبونەکەمان بەگشتی شێوازی

پەرشو بڵاوی (دورلەیەك)ی وەرگرتوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نارێکی لە دابەشبونی باخچەو یاریگاکان، ئەمە جگە لەوەی کەمتر ڕەچاوی پێوەرەکانی پلاندانان کراوە.

هەروەها هەریەکێك لە خزمەتگوزارییەکان کاتێك بە تەنها و بەشێوەیەکی سەربەخۆ شیکردنەوەیان بەگوێرەی هاوکۆلکەی نزیکترین دراوسێ بۆ بکەین، لە شێوەی (2 و 3)دا، ئەم جۆرانەی خوارەوە نیشاندەدرێن:


**1- هەرەمەکی**: ئەم جۆرەی دابەشبونی خزمەتگوزاریی باخچەو پارکدا بەدیدەکرێت بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ ئەم جورە لە دابەشبون (1.121039) کە تایبەتە بە باخچەو پارك، هەروەها (بەهای z-score (1.587465).

**2- پەرشوبڵاوی دورلەیەك:** جۆرێکی تری دابەشبونە بۆ یاریگای تۆپی پێ و بەهای نزیکترین دراوسێیەتی دەکاتە(1.374589)، بەهای z-score (2.266134) واتە لە چوارچێوەی بەهای ڕەخنەیدایە.

بەگشتی لەپاش نیشاندانی شێوەکان ڕون بویەوە، کە شێوازی دابەشبونی خزمەتگوزارییەکان جیاوازن لەیەکتری، باخچەو پارکەکان بەشێوەی هەرەمەکی و پەیرەونەکردنی پیوەری پلانسازی شوێنی بەرونی دیارە، سەبارەت بە یاریگاکانیش لەسەر ئاستی گەڕەکەکان دور لەیەك دەبینرێن و هەندێ جار گەڕەکێك زیاتر لە یاریگایەك و چەند گەڕەکی تریش هیچ یاریگایەکی نییە، لەبەرئەوە بەو شێوەیە بەرجەستە دەبن کە هاوکێشەی نزیکترین دراوسێ نیشانی داوە.


شێوەی (2)

بەهای نزیكترین دراوسێ بۆ خزمەتگوزاریی باخچەو پارك لە هەڵەبجەی تازەدا بۆ ساڵی 2024




شێوەی(3)

بەهای نزیكترین دراوسێ بۆ خزمەتگوزاریی یاریگای تۆپی پێ لە هەڵەبجەی تازەدا بۆ ساڵی 2024




سەرچاوە: كاری توێژەران بە پشتبەستن بە: زانیارییە بەدەستهاتووەكان لە بەرنامەی ( 10.8Arc map GIS) پاش جێبەجێكردنی هاوكۆلكەی نزیكترین دراوسێ:
Arc toolbox, analyzing Pattern, averge nearst neighbor

**2- ئاڕاستەی دابەشبون (Directional Distribution)و دوری پێوانەیی** (Standard distance)و خاڵی سەنتەری ناوەندی** بۆ خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی (پارك و باخچەكان و یاریگای تۆپی پێ) لەشاری هەڵەبجەی تازەدا:

ئاراستەی دابەشبون: دابەشبونی هەر دیاردەیەك خاوەن ئاڕاستەی خۆیەتی كە لە ئەنجامی كۆمەڵێك هۆكاری جوگرافییە، لە ڕێگەی ئاراستەی دابەشبونەوە دەكرێت پێوانەی پلەی بڵاوبونەوەی دابەشبون بەكاردێت، زۆرجار ئاراستەی دیاردەی دابەشبوو لە شێوەی هێلكەی دەبێت واتە (بازنەی تەواو نییە)، ئەمەش گوزارشت لە تایبەتمەندییەكانی ئاڕاستەی دابەشونی خاڵەكان دەكات، و سەنتەری ئەم شێوە هێلكەییە لەسەر نەخشەكەدا دەكەوێتە سەر یەكێك لەخاڵە ناوەندییەكان ئەویش سەنتەری ناوەندە (داود، 2012، 41) لەبەرئەوە بۆ دیاریكردنی ئاڕاستەی دابەشبونی خزمەتگوزارییەكان لە ناوچەی توێژینەوەدا، لەسەر بنەمای بەكارهێنانی خاڵی (سەنتەری ناوەندی) بۆ خزمەتگوزارییەكان لەشارەكەدا دەكرێت ناوەندی دابەشبونەكان بۆ باخچەو پارك و یاریگای تۆپی پێ دەستنیشان بكەین لەناوچەی توێژینەوە.

لەنەخشەی (4)دا ئاڕاستەی دابەشبونی باخچەو پاركەكان لە باكوری ڕۆژئاواوە بۆ باشوری ڕۆژهەڵاتە واتە شێوازی هێلكەی دەرچوە نەك بازنەیی تەواو، بەم پێیەش دەگەین بەو ئەنجامەی كە بلێین نارێكی دابەشبونی باخچەو پاركەكان كە بوەتە هۆكارێك بۆ دەركەوتنی ئەو جۆرە لە ئاڕاستەی دابەشبون.


هەروەها یاریگاكانی تۆپی پێ لە ڕوی ئاڕاستەیانەوە لە باكوری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باشوری ڕۆژئاوایە واتە پێچەوانەی ئاڕاستەی باخچەو پارك كەوتوەو هەمان شێوازی هێلكەیی وەرگرتوە و هاوكات نارێكی دابەشوبونیان هۆكارێكی سەرەكی ئەو شێوازایە.

دوری پێوانەیی:

لە دابەشبونی شوێنیدا دوریی پێوانەیی كاریگەری هەیە بۆ نیشاندان و پێوانەكردنی پلەی كۆبونەوە و بڵاوبونەوەی دابەشبونی دیاردەكان و جێبەجێكردنی ئەم پێوەرەش بەكێشانی بازنەیەك دەبێت كە پێیدەوترێت ( Standard Circle)، (بازنەی ستاندارد) (پێوانەی) ناوەڕاستی ئەم بازنەیە بە خاڵی سەنتەری ناوەند (Mean Center) ناودەبرێت، هەرچەند بەهای ئەم پێوەرە زۆربێت ئەوەندەش قەبارەی بازنەكە گەورە دەبێت، لەبەرئەوە ڕون دەبێتەوە، كە دابەشبونی خاڵەكان بەشێوەیەكی پەرشوبڵاوە (حمە علی، 2023). بەپێچەوانەشەوە ئەوە دابەشبونی خاڵەكان یان دیاردەكان بە شێوەیەكی كۆبوەوە دەبێت، لەپاش ئەوەی بازنەی پێوانەیی دەكێشرێت دەبینین، كە لەسەر نەخشەی دابەشبونی دیاردەكە هەندێك لەخاڵەكان لەناو بازنەكە دەبن‌و هەندێكیش لە دەرەوەی بازنەكە، ئەو خاڵانەی دەكەونە ناو بازنەكەوە دوریان لە سەنتەری ناوەندییەوە كەمترە بەڵام ئەو خاڵانەی دەكەونە دەرەوەی سنوری بازنەكەوە دوریان لە خاڵی سەنتەری ناوەندییەوە زیاترە بەراورد بە دوریی پێوانەیی(كریم، 2016، 43-44). ئەم بازنەیە بۆ بۆ باخچەو پاركەكان بەشێوەیەكە كە لەكۆی 47 باخچە 24 دانەی لە چوارچێوەی بازنەی دوری پێوانەیدایە ئەمەش زیاتر لەنیوەی خزمەتگوزارییە دابەشبوەكەیە لە شارەكەدا لە كاتێكدا كە بازنەی پێوانەیی بەشی زۆری شارەكەی گرتوەتەوە و نزیك بە نیوەی لە دەرەوەی بازنەدان و ئەمەش گوزارشت لە دابەشبونێكی ناهاوسەنگ و هەڕەمەكی دەكات كە ژمارەیەكی زۆر لە باخچەكان كۆبونەتەوە لە چەند گەڕەكێكی كەم و بەپێچەوانەشەوە لە چەندین گەڕەكدا چەند باخچەیەكی كەم دەبینرێت بە پەرشوبڵاوی.

نەخشەی (4)

ئاڕاستەی دابەشبون و دوری پێوانەی و خاڵی سەنتەری ناوەندی باخچەو پارك و یاریگاكانی تۆپی پێ بۆ ساڵی 2024




سەرچاوە: كاری توێژەران بە پشت بەستن بە:2 و 3 و بەرنامەی (Arc Map 10.8).

هەرچی یاریگاكانە لە كۆی 10 یاریگا 7 یاریگا لەناو بازنەی دوری پێوانەیدایە ئەوەش ژمارەیەكی زۆرە و لەبەرئەوە دەبینین بازنەكە ڕوبەرێكی كەمتری شارەكەی دەگرێتەوە هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ كۆبونەوەی چەن یاریگایەك لە چەند گەڕەكێكی كەم بەتایبەت گەڕەكی ڕزگاری كە بە تەنها 4 یاریگای لەخۆگرتووە نەبون یان كەمبونی یاریگا لە زۆربەی گەڕەكەكانیتردا، ئەمەش دوبارە دەمانگەیەنێت بەوەی كە بڵێین دابەشبونیان ڕێک و هاوسەنگ نییە، بەڵكو بەشێوەی نارێك و پەرتو بڵاو دەركەوتوە.

ئەوەی پەیوەستە بە خاڵی سەنتەری ناوەندی باخچەو پاركەوە هەر لە هەمان نەخشەدا نیشاندراوە دەكەوێتە گەڕەكی بەختیارییەوە، بەڵام خاڵی سەنتەری ناوەندی یاریگاكانی تۆپی پێ لە گەڕەكی ڕزگارییە، كەواتە دەكرێت ئەم دو گەڕەكە بە چەقی دابەشبونی خزمەتگوزارییەكان باخچەو پارك و یاریگای تۆپی پێ هەژمار بكەین و بۆ گەڕانەوەی هاوسەنگی لە شێوازی دابەشبون بە گشت ئاڕاستەكانی شاردا، دەكرێت بكرێتە خاڵێكی ئەرێنی و سودی بۆ دادپەروەری بون لە دابەشوندا لێوەربگیرێت.

**باسی چوارەم: هەڵسەنگاندن و ئاییندەی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی (پارك و باخچە و یاریگاكان) لە ناوچەی توێژینەوەدا:**

**1- هەڵسەنگاندنی توانای خزمەتگوزاریی باخچە و پارك و یاریگا/** پرۆسەی هەڵسەنگاندن بۆ هەرجۆرێك لە جۆرەكانی خزمەتگوزارییەكان بكرێت مەبەست لێی نیشاندانی توانای ئەو خزمەتگوزارییەیە، تاوەكو بزانرێت لەتوانایدایە خزمەت بە چەند لە دانیشتوانی ئەوناوچەیە دەكات، لەم توێژینەوەیەشدا بەگوێرەی پێوەرە ناوخۆییەكان هەوڵدەدەین هەڵسەنگاندنێكی ورد بۆ ئاستی ئەوخزمەتگوزارییانە بكەین، لە ئەگەری نەبونی پێوەری عێراقیش هەوڵدەدرێت پشت بەست بەپێوەرە دەركییەكان ببەسترێت وهەڵسەنگاندنی بۆ بكرێت.

**1-1/ پارك و باخچە گشتیەكان:** پارك و باخچەكان لە شارەكاندا جێی سەرنج و كات بەسەربردنە لەلایەن هاوشاریانەوە، بەگوێرەی پێوەری (عێراق) بۆ دەستنیشانكردنی بەركەوتی تاک لە ڕوبەری باخچە و پاركەكان بۆ هەر یەک كەس (6.5)م2 بۆ(8) لەڕوبەری بۆ دانراوە، لە هەڵەبجەی تازەش بۆ ساڵی 2024 ژمارەی دانیشتوانی (51892) كەسە و كۆی ڕوبەری باخچەو پارک لە ناوچەی توێژینەوە (250983)م2 لێرەوە بە جێبەجێكردنی ئەم پێوەرە دەردەكەوێت، بۆ یەک كەس (4.8)م2 بەردەكەوێت، كەواتە بەركەوتی تاك كەمترە بەگوێرەی پێوەری (عێراق)، لەبەرئەوە پێویستە باخچەو پاركی تری تێدا بنیاتبنرێت، بەتایبەت ئەو ڕوبەرانەی كە دانراون لە هەندێک گەڕەكدا بۆ باخچەو سەوزایی كاری جدی لەسەربكرێت، لەكۆتایشدا دەتوانین بڵێین كە ئەو كورتهێنانەی هەیە لە پارك و باخچەدا 1.7م2 بەزیادكردنی ئەم ڕوبەرە بۆ هەر تاكێك لە دانیشتوانی شارەكە ئەوكات بەركەتی تاكەكەس بۆ كەسێك هاوتا دەبێت لەگەڵ پێوەركەدا كە(6.5)م2 بۆ هەر یەک كەس.

**1-2/ یاریگای تۆپی پێ:** لەناوچەی توێژینەوەدا (10) یاریگای تۆپی پێ بەڕوبەری (70007)م2 هەن، و بە گوێرەی پێوەری عێراق كە لەخشتەی (6) ڕونكراوەتەوە دەردەكەوێت بۆمان كە شاری هەڵەبجەی تازە 10-11 یاریگای پێویستە واتە كورتهێنانێكی ئەوتۆ نییە، بەڵام 1 یاریگای تر بەردەستبێت گونجاوترە لەبەرئەوەی (10) یاریگا بۆ (50000) هەزاركەس دانراوە لە كاتێكدا شارەكە (51892) كەسە.

لە ڕوی ڕووبەری یاریگاوە بۆ هەر یاریگایەک (12000)م2 تەرخانكراوە، سەرجەم ڕوبەری یاریگاكانی هەڵەبجەی تازە (70007) م2 بەڵام پێویستبو (120000)م2 واتە (49993)م2 كورتهێنان لە ڕوبەری یاریگادا هەیە، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە بەشێك لە یاریگاكان یاریگای بچوككراوەن و ڕوبەریان لە (3000)م زیاتر تێپەڕناكات.

خشتەی(6)

جێبەجێكردنی پێوەری پلاندانی عێراق یاریگاو ڕوبەریان لە هەڵەبجەی تازە بۆ ساڵی 2024

| ب | جۆری خزمەتگوزاری | ب. دانیشتوان بۆ یەک جۆری خزمەتگوزاری | خزكەتگوزاری ئێستا | هەبونی خ. پێویست | ب. ڕوبەر یەک خزمەت گوزاری /م2 | باری ئێستا | هەبونی خ. پێویست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | یاریگای وەرزشی | 5000 | 10 | 10-11 | 12000 | 70007 | 120000 (-49993) |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | |

سەرچاوە: كاری توێژەران بەپشت بەستن بە: 1- سماح صمد علی الجاف، التحليل الجغرافية للخدمات الترفيهية في مدينة كركوك، رسالة ماجستر، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل، 2016، ص128.

## 2- ئایندەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەكان(باخچەو پارك و یاریگای تۆپی پێ) لە شاری هەڵەبجەی تازەدا، تاكو ساڵی 2030:

لەبەرئەوەی خزمەتگوزارییەكان بەگشتی لە وڵاتانی تازە گەشەسەندو لە ڕوی دابەشبون و خزمەتكردن بە دانیشتوانیان زۆر جار بەگوێرەی پێویست نین، هەر لەبەرئەوە لێرەدا هەوڵی ئەوە دەدەین باس لە ئایندەی دیاردە دابەشبوەكەمان بكەین لە شاری هەڵەبجەی تازە بۆ ئەم مەبەستەش بێگومان پێویستمان بە ژمارەی دانیشتوان دەبێت لە ساڵی 2024 وەك ساڵی بنەڕەت كە(51892) كەسە، و ساڵی ئامانجیش 2030 لەم پرۆسەشدا پێویستمان بە گەشەی ساڵانەی دانیشتوانە و ئەو ڕێژەیەش 3%، بە پشت بەستن بەم زانیاریانەش دەگەین بەو ئەنجامەی كە ساڵی 2030 ژمارەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجەی تازە دەگاتە (61982) كەس*

كەواتە لە ساڵی 2030 بەهۆی ئەوەی ژمارەی دانیشتوان زیاد دەكات، ئەمەش وادەكات پێداویستیان بۆ باخچەو پارك ڕوی لەزیادبون بێت، بۆ ئەوەی ئەو دانیشتوانە وەك پێوەر سودمەنبن لە ڕوبەری باخچە و پارك پێویستە (402883)م2 لە كاتێكدا ڕوبەری ئەم خزمەتگوزارییانە لە ناوچەی توێژینەوەدا تەنها (250983)م2یە، بەم پێیەش شارەكە پێویستی بە (151900)م2تر دەبێت بۆ ساڵی 2030 تاوەكو بەگوێرەی پێوەری(عێراقی) دانیشتوان سودمەنبن لێی.

ئەوەی پەیوەستە بە یاریگای تۆپی لە تەوەرەكانی پێششودا ڕونكراوەتەوە كە (5000) كەس یەك یاریگای پێویستە، لەبەرئەوەی لە 2030دا دانیشتوانی شاری هەڵەبجەی تازە دەگاتە (61982) كەس، بەم پێیەش (12-13) یاریگای پێویستە هەبێت، لە كاتێكدا لە ساڵی 2024دا 10 یاریگا هەیە، لێرەوە دەردەكەوێت بڕی كورتهێنان تەنها (2- 3) یاریگایە، واتە تا ساڵی 2030 ئەو یاریگانە دروست بكرێت هاوتای پێوەری(عێراقی) دەبێت لە ڕوی ژمارەی یاریگا بۆ ژمارەی دانیشتوان.

### ئەنجام

1- شاری هەڵەبجەی تازە ناوەندی قەزای شارەزورە و ڕوبەری سنوری شارەوانی دەگاتە 1400 هێكتار و بەپێی نەخشەی بنەڕەتی، ئەم شارە لە (12) گەڕەك پێكهاتوە و كۆی ڕوبەریان (567.1) هێكتارە و بۆ ساڵی 2024.

2- ژمارەی خزمەتگوزارییەخۆشگوزەرانییەكانی (57) دانەیە، بە هەردو جۆرەكەیەوە بەشێوەیەك كە (باخچەو پارك (47) و یاریگاكان تەنها(10) زۆرترین باخچە لە گەڕەكی (لانە سیتی)یە و كەمترین لە گەڕەكەكانی (شارستانی، مامۆستایان، بەختیاری، ئازادی، شارەوانی)ە، هەریەكەیان تەنها 2 باخچەی لەخۆگرتوە، یاریگاكان كە ژمارەیان (10) یاریگایە لەهەریەكە لەگەرەكەكانی (هەواران، مامۆستایان، بەختیاری، ڕزگاری، شارەوانی) یاریگایان تێدا هەیە، بەڵام گەڕەكەكانی (ڕۆژئاوا، شارستانی، سورێن، لانە سیتی، هەواری شار)دا یاریگایان تێدا نابینرێن.

3- لە ڕوی شێوازی دابەشبونەوە پاش بەكارهێنانی نزیكترین دراوسێ، بۆمان دەركەوت كە شێوازی دابەشبونی خزمەتگوزارییەكان پەرشوبڵاوی دورلەیەكە بەپێی ئەو بەهایەی كە بە دەستهاتوە (1.227043)

4- بەهۆی هەڵسەنگاندنەوە دەرکەوت باخچەکان کورتهێنانیان بەرامبەر بە دانیشتوان هەیە و لەبری ئەوەی یەك کەس 6.5 م2 لە ڕوبەری بەرکەوێت، بەڵکو 4.2م2 بەرکەوتی هەر یەك کەسە لە ناوچەی توێژینەوەدا.
5- سەبارەت بە ئایندەی خزمەتگوزارییەکان تاکو ساڵی 2030 لە ڕوی پێویستییەوە، بە پشت بەستن بەهاوکێشەی پێشبینی کردنی ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی 2030 کە دەگاتە 61982 کەس گەیشتین بەو ئەنجامەی کە بڵێین پێداویستی بۆ باخچە و پارك ڕوی لەزیادبونە، بۆ ئەوەی ئەو دانیشتوانە وەك پێوەر سودمەنبن لە ڕوبەری باخچە و پارك پێویستە ڕوبەریان بگاتە (402883)م2، سەبارەت بە یاریگای تۆپی بۆ دانیشتوانی پێشبینیکراو لە 2030دا شارەکە دەخوازێت (12-13) یاریگای هەبێت، بەو ڕوبەرەی کە دیاریکراوە بۆ هەر یاریگایەك تاکو هاوتای پێوەر بوەستنەوەو دور لە کورتهێنان بەرکەوتیان هەبێت.

## ڕاسپاردە

1- سودوەرگرتن لە زەوی بەتاڵی سنوری شارەوانی لە داهاتودا، هۆکارێکی گرنگە تاوەکو لە ڕێگەوە بتوانرێت دابەشبونی خزمەتگوزارییەکان بەرەو دابەشبونێکی گونجاوتر و ڕێکوپێك ببرێت.
2- بەهەندوەرگرتنی ژمارەی دانیشتوان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بە هەردو جۆری (باخچەو پارك و یاریگاکانی تۆپی پێ)کارێکی گرنگەو لایەنی پەیوەندیدار پێویستە بە بایەخەوە سەیری بکات.
3- زیادکردنی ڕوبەری سەوزایی لە شارەکەدا لەشێوەی باخچەو پارکەکاندا دەبێتەهۆی ئەوەی بەرکەوتی تاکەکەس ڕوی لە زیادبون بێت، لەبەرئەوە لایەنی پەیوەندار پێویستە بەدروستی هەوڵی ئەوە بدات و بگات بە چارەسەری پێویست.

## لیستی سەرچاوەکان

حداد، هاشم یاسین حمد أمین، عبدالرحمن، سەردار محمد،2009، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، چاپخانەی لادیب، هەولێر.

حسین، بەیان علی و حمە علی، هەردی عبدالرحمن، (15ی ئازاری 2024)، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبون و هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی لە شاری هەڵەبجە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B- زانستە مرۆڤایەتییەکان) ساڵی بیست و سێهەم، ژمارە(76) بەرگی(2).

رشید، شیروان عمر،2011، بنەما سروشتییەکانی گەشتو گوزار لە پارێزگای سلێمانی، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

کریم محمد مهدی،2016، دابەشبونی شوێنی نشینگە مرۆییەکانی ئیدارەی گەرمیان، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئاداب-خانەقین، زانکۆی گەرمیان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوە بەرایەتی ئاماری سلێمانی،2024، بەشی نەخشەدانان و سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری (GIS) زانیاری دەربارەی ڕوبەری و سنوری قەزای هەڵەبجەی تازەبۆ ساڵی.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوە بەرایەتی ئاماری سلێمانی،2024، بەشی دانیشتوان و نیشنگەکان،داتای دانیشتوانی شاری هەڵەبجەی تازە، 2022، داتای بڵاونەکراوە

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی پارێزگای سلێمانی، سەرۆکایەتی شارەوانی شارەزور،2024 داتای بڵاونەکراوە.

الخفاف، عبد علی، الريحانى، عبدمخور، 1986، جغرافية السكان، مطبعة جامعة البصرة، البصرة.

الاسدى، فوزى عبدالمجيد،2011، جغرافية المدن، والمراكز الحضارية، الطبعة الاولى، دار القلم للنشر والتوزيع، الامارات العربية، دبى، 1990.

السماک، محمد ازهر و العزاوى، علی عباس،2011، البحث الجغرافي بين املنهجية والتخصصيه واالساليب الكمية وتقنية واملعلوماتية املعاصرةGIS، دار اليازوري للنشر والطبع، عمان، االردن.

الجاف، سماح صمد علی، 2016، التحليل الجغرافية للخدمات الترفيهية في مدينة كركوك، رسالة ماجستر، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل.

داود، جمعة محمد،2012، اسس تحليل المكانى فى اطار نظم المعلومات الجغرافية، الطبعة الاولى، بدون اسم المطبعة، مكة المكرمة، المملكة العربية السعودية.

سنكري، 2008 يمان، التحليل الاحصائي للبيانات المكانيةفي نظم المعلومات الجغرافية،الطبعة الاولى، مطبعة شجاع، حلب، سورية.

العبدلي، معن محيي محمد شريف،2016، تحليل كفاءت الخدمات المجتمعية (التعليمية والصحية والترفيهية) في مدينة السليمانية، اطروحة دكتوراه (غير منشورة)، جامعة الا نبار، كلية التربية للعلوم الانسانية، قسم الجغرافية.

العتبى، سامی عزيز و الطائى، اياد عاشور،2013، الاحصاء والنمذجة فى الجغرافية، الطبعة الاولى، مطبعة الامارة، بغداد.

الموسوى، محمد عرب،2010، أهميةالمساحات الخضراء وتصميمها فى مدن مدينة دبى و صبراته (انمودجا)مجلة الجغرافى، جمعية الجغرافية الليبية، فرع منطقة الغربية، العدد الاول.

الهيتى، مازن عبدالرحمن،2013، جغرافيه الخدمات أسس والمفاهيم، الطبعة الاولى، مكتبة المجتمع العربى للنشر والتوزيع.

حسين، بيان علی،2008، التحليل الجغرافى لاتجاهات النمو الحضرى فى المحافظة السليمانية، اطروحة دكتوراه، كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية.

## پەراوێزەکان

* دوورییەکان لەڕێگەی بەرنامەی GIS وە دیاریکراون

* *بەهای دوری پێوانەیی

$$SD = \sqrt{\frac{\Sigma i (x_i - \bar{X})^2}{n} + \frac{\Sigma i (y_i - \bar{Y})^2}{n}}$$

SD= دووری پێوانەیی    $\Sigma i$ = سەرجەمی خاڵەکان    $x_i$ = بەهاکانی تەوەری ئاسۆی

$\bar{X}$ =ناوەندی تەوەری ئاسۆی    $y_i$ = بەهاکانی تەوەری ستونی    $\bar{Y}$ =ناوەند تەوەری ستوونی

n=ژمارەی ڕەگەزەکانی دیاردە دابەشبووەکان(خاڵەکانی سەر نەخشەکە)

بڕوانە: (سنكري، 2008، ص54)

***پشت بەست:

1-ژ. دانیشتوانی ساڵی بنەڕەت که 2024 و 51892کەسە.

2- هاوکێشەی پێشبینی کردنی ژمارەی دانیشتوان

ئەنجام = (تێكڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان× ژ. دانیشتوان بۆ هەر ساڵێک) / 100

ژ. پێشبینیکراوی دانیشتوان = ئەنجام+ ژ. دانیشتوان هەرساڵێک

سەرچاوە: الخفاف و الريحانى،1986، ص152.